بانکی رافیدەین فۆرمی تۆمارکردنی ئەلیکترۆنی بۆ فرۆشتنی دۆلار راگەیاند

ئەمڕۆ سێشەممە بانکی ڕافیدەین خستنەبازاڕی فۆڕمی تۆمارکردنی ئەلیکترۆنی بۆ فرۆشتنی دۆلار بەگەشتیاران ڕاگەیاند.

لە بەیاننامەیەکی بانکەکەدا هاتووە : دەستیکردووە بە وەرگرتنی داواکاری گەشتیاران لە ڕێگەی فۆڕمیتۆمارکردنی ئەلیکترۆنی بۆ فرۆشتنی دۆلار بە گەشتیارەکە بە چوونە ناو ماڵپەڕەکەوە.

بانکەکە داوا لەو کەسانە دەکات کە دەیانەوێت ناوی خۆیان تۆمار بکەن و داتای دروست بدەن،بە وردیپڕبکەنەوە، دڵنیابن لەوەی کە زانیارییەکان ڕاستن و هیچ بوارێك پشتگوێ نەخرێت.